

بەشار عەبدوڵڵا

ئەستێری پێشووی کوێت:

# من دژی ئەوەم ڕاهێنەری کوێتی ببێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوێت



بەشار عەبدوڵڵا ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی کوێت و لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٧ـە، سەرەتای دەستپێکردنی وەرزشی وەکو یاریزان لە یانەی سالمییە بوو، لە ساڵی ١٩٩٤ یەکەم یاریی خۆی دژی یانەی خەیتان ئەنجامدا و توانی سێ گۆڵ تۆمار بکات، ئەمەش بووە هۆکاری بەناوبانگبوونی ئەم یاریزانە، دوو جاریش نازناوی جامی کەنداوی بەدەست هێناوە و بەشداریی لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا کردووە، چەندین جاریش بووەتە پاڵەوانی خولی کوێت و نازناوی گۆڵکاری بە نەسیب بووە. لە وڵاتی قەتەر لە کاتی خەڵاتکردنی وەکو ئەستێرەی جامەکانی کەنداو ئەم چاوپێکەوتنەمان ئەنجام دا، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی/ دۆحە



***هەست بە چ دەکەی کە وەك ئەستێرەی کەنداو خەڵاتت پێ بەخشرا؟**

- هەستێکی خۆشە، کە وەکو ئەستێرەی کەنداو دەستنیشان کرام، سوپاسی یەکێتیی کەنداو دەکەم بۆ ئەم خەڵاتە.

***ئەنجامی هەڵبژاردەی کوێت وەکو پێویست نەبوو لە جامی کەنداوی ٢٤ لە قەتەر، هۆکارەکەی چییە؟**

-ئێمە لە یاریی یەکەم بەرانبەر بە هەڵبژاردەی سعودیە هەڵخەڵەتاین، دوای بردنەومان لە سعودیە تووشی لەخۆباییبوون بووین، بۆیە تووشی دوو دۆڕان بووین، لەم پاڵەوانێتییە شایستەی سەرکەوتن نەبووین بۆ چوار گۆشەی زێڕین، چونکە هیچ شتێکمان پێشکەش نەکرد کە شایستەی سەرکەوتن بێت.

***هۆکاری سەرەکیی سەرنەکەوتنی کوێت چ بوو؟**

- هەردوو هەڵبژاردەی کوێت و عومان هەڵەی کۆشندەیان کرد، کاتێك هیچ گۆڕانکارییەکیان لە پێکهاتەی سەرەکییاندا نەکرد، لە سێ یاریدا بە هەمان پێکهاتە یارییان کرد، ئەمەش یاریزانان تووشی ماندووبوون دەکات، بە پێچەوانەی بەحرین و سعودیە کیشەی سەرەکیی کوێت لە هێڵی بەرگری بوو، یاریزانانی هێرشبەر توانییان شەش گۆڵ تۆمار بکەن، بەڵام حەفت گۆڵیان لێ تۆمار کرا.

*** ئایا راگرتنی کوێت لە بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکانی نێودەوڵەتی بۆ ماوەی دوو ساڵ هۆکاری ئەم ئاستەی هەڵبژاردەی کوێت بوو؟**

- نەخێر، ئەمە قۆناخێك بوو تێمانپەڕاند، نابێت لە هەر شکستێك بڵێین بە هۆی راگرتنمانەوە ئەنجاممان خراپ بوو.

*** ئایا پاڵپشتیی مانەوەی راهێنەری هەڵبژاردەی کوێت (سامر عەناد) دەکەی؟**

- لە سەرەتاوە من دژی ئەوەم راهێنەری کوێتی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی کوێت، ئەم بڕیارە بڕیاری یەکێتیی تۆپی پێی کوێتە، بەڵام لە کاتی ئێستا کە راهێنەری هەڵبژاردەی کوێت کوێتییە، ناچارم پاڵپشتی بکەم.

*** هەڵبژاردەی عێراقت لە چ ئاستێکدا بینی؟**

- هەڵبژاردەی عێراق گەورەیە و ماوەی زیاتر لە (٣٠) ساڵە لە گشت پاڵەوانێتییەکانی جامی کەنداو پاڵێوراوە و هەروەها رکابەری سەرەکیی هەڵبژاردەی کوێت بووە، لەم پاڵەوانێتییەشدا چەند یاریزانێکی لاو یارییان کرد و توانییان جێگەی خۆیان لە هەڵبژاردەکە بکەنەوە.

*** لەم پاڵەوانێتییەدا چ یاریزانێکی هێرشبەر سەرنجی راکێشایت؟**

- هیچ یاریزانێك سەرنجی رانەکێشام، هەرچەندە یاریزانانی ئیمارات و سعودیە بە ئەزموونن، بەڵام بە گشتی یاریزانی سوپەر لەم پاڵەوانێتییە نەبوو.

*** بۆچوونت لەسەر میوانداریکردنی عێراق بۆ جامی کەنداوی ٢٥ لە شاری بەسرە چۆنە؟**

- من پشتگیری لە میوانداریکردنی بەسرە بۆ جامی کەنداوی ٢٥ دەکەم و هەموو خەڵکی کوێت پشتگیریی لێ دەکەن، چونکە بەسرە یەك کاتژمێر و نیو لە کوێت دوورە، عێراق لە میوانداریکردنی پاڵەوانێتیی رۆژئاوای ئاسیا سەرکەوتوو بوو و یاریگای گەورە و گونجاوی هەیە و جەماوەرێکی زۆر ئامادەی یارییەکان دەبن.

*** رێژەی جەماوەر لە جامی کەنداوی ٢٤ چۆن بوو؟**



- جەماوەری کوێت و عومان خۆشکەری ئەم پاڵەوانێتییە بوون، پاشان جەماوەری عێراقی رێژەیەکی باشیان هاتبوون، هەردەم دەڵێم جەماوەر تام و چێژ دەبەخشێتە پاڵەوانێتییەکانی جامی کەنداو.

***کێشەی تۆپی پێی کوێت چییە و کەی کوێت دەگەرێتەوە ئاستی جارانی خۆی؟**

- هەموو دەزانین کێشەکە چییە، بەڵام چارەسەر ناکرێت، کێشەی ئێمە نەبوونی پلان و دروستنەکردنی ژێرخانە، گشت پلانەکانمان کورتخایەنن، بۆ نموونە هەموو کوێت دەیزانی، کە راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەکە ناتوانێت هیچ شتێك بکات، بەڵام ئێمە ساڵ و نیوێکمان بەفیڕۆ دا لەگەڵ ئەم راهێنەرە، بۆیە پێویستمان بە پلانی درێژخایەن هەیە.

## ناز جەمیل

### راهێنەری مەلەوانی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ:

# منداڵەکەم بە مەلە لە خنکان رزگار کرد و زیاتر هۆگری مەلەوانی بووم

ئافرەتان لەئێستادا لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان گرنگیی زۆربە وەرزش دەدەن، بە تایبەتی یاریی لەشجوانی و لەشرێکی بۆتە یەکێك لەو یارییانەی کە خانمان بە رێژەیەکی بەرچاو رووی تێ دەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیا وەرزشییەکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشێکی رێك. شارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی یەکێکە لەو شارۆچکانەی کە خانمانی گرنگیی تەواو بە وەرزش دەدەن. ناز جەمیل لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی چەمچەماڵە و یەکێکە لەو ئافرەتە یاریزانانەی کە لە یەك کاتدا دوو یاری دەکات، هەم وەك راهێنەر لە مەلەوانی و هەمیش وەك یاریزان وەرزشی هێزی لەش دەکات، جگە لە هەڵبژاردەی کوردستان و عێراقی بۆ هیچ یانەیەك یاریی نەکردووە و دەیەوێ تەنیا لەژێر رێنمایی راهێنەرەکەیدا ئەزموون وەر بگرێت و سەربەخۆ بێت. ئێمەش وەك گۆڤاری گوڵان سەبارەت بەم وەرزشە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** هاتننت بۆ ناو وەرزشی مەلەوانی چۆن بوو؟**

- سەرەتا من وەرزشم نەدەکرد، جارێك چووین بۆ سەیران و کوڕەکەم لە ئاودا نوقم بوو، خۆم توانیم لە ئاوەکەدا دەری بهێنمەوە، چونکە مەلەوانیم دەزانی و هەر لە منداڵییەوە فێری ببووم، بەڵام بە شێوازی ئەکادیمی نەمدەزانی، لەوەوە بڕیارم دا کە خۆم بکەم راهێنەری مەلەوانی، چونکە زانیم کارێکی چەند پیرۆزە و دەتوانی گیانی کەسانی دیکە لە خنکان رزگار بکەی.

*** بەڵام ئێستا وەرزشی قورسایی ئەنجام دەدەی، ئایا ئەم وەرزشە بۆ خانمان تا رادەیەك قورس نییە؟**

- بەڵێ، زۆر قورسە، من پێشتر کێشی لەشم زۆر بوو، بۆ

كێش دابەزاندن چومە هۆڵ و مەلەوانگە، دواتر هەستم كرد هێزێكی باشم هەیە، بۆیە بڕیارم دا لە یەك كاتدا هەردوو وەرزش بكەم، لە كوردستان هیچ خانمێك ناتوانێ ئەم دوو كارە لە یەك كاتدا بكات.

*** دوو وەرزش لە یەك كاتدا دەكەی، هەڵگرتنی قورسایی و مەلەوانی، لەكامیاندا زیاتر سەركەوتووی؟**

- لە مەلەوانی ئەنجامی باشم هەبووە و یاریزانەكانیشم لە كوردستان ئەنجامی باشیان هەبووە، بەڵام شێوەی لەشی من و تەمەنی من زیاتر پێویستی بە هێزی لەشە، بۆیە لە مەلەوانی راهێنەری مەلەوانگەم و تیپێكی كچانم هەیە، لە یاریی ئاسن تەنیا یاریزانم و خاوەنی بڕوانامەی لەشجوانیم، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیم ناتوانم لە هۆڵ وەكو راهێنەر كار بكەم.

***پێشوازیی ئافرەتان لەم یارییەی هێزی لەش تا چ ئاستێكە؟**

- ئەم یارییە لەلایەن ئافرەتانەوە هیچ پێشوازییەكی لێ نەكراوە، بەداخەوە من كە بوومە پاڵەوانی نێودەوڵەتی جگە لە وەرزشكاران و كەسە نزیكەكانم كەس دەستخۆشییەكی لێ نەكردم.

***ئاستی یاریی هێزی لەش لە كوردستان چۆن دەبینی؟**

- سوپاس بۆخودای گەورە لە چەمچەماڵ و سلێمانی چەندین كچە وەرزشوانی لێهاتوومان هەیە، بەڵام خەڵكێكی كەم گرنگی بەم وەرزشە دەدەن، رێژەیەكی كەمن ئەوانەشی هەن، وەكو چارەسەری نەخۆشی وەرزش دەكەن.

***چی بكرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشكار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- چەندین رێكخراو هەیە یارمەتیی خەڵك دەدەن بۆ چالاكییەكانیان پارەی باش سەرف دەكەن، پێویستە رێكخراوێكیش هەبێت بۆ هاوكاری ئەو كچانە كە دەیانەوێ بێنە ناو پاڵەوانێتییەكان، ئەگەر لە رووی ماددییەوە هاوكاری بكرێن، بێگومان خەڵكی زۆرتر روو لەم وەرزشە دەكەن.

*** وەكو كچە یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

-دەمەوێت لە وەرزش كردن بەردەوام بم و ئەنجامی باشترم هەبێت لە داهاتوو.

*** وەك ئاشكرایە بەنیازیت لە چەند پاڵەوانێتییەكدا بەشداری بكەیت، ئایا بۆ ئەم مەبەستە هیچ ئامادەكارییەكت كردووە؟**

- بە نیازم هەر پاڵەوانێتییەك بكرێت لە عێراق و دەرەوەی عێراق بەشداری بكەم و ئامادەكاریی باشی بۆ بكەم.

***گرفتی ئەم یارییانە لە چیدا دەبینی؟**

- ئەم دوو یارییە پێویستیان بە پارەی زۆر هەیە و زۆر یاریزانیش توانای داراییان باش نییە، مەلەوانی پێویستی بە دابینكردنی مەلەوانگە و جلوبەرگی تایبەتە، بەڵام هێزی لەش پێویستی بە پرۆتینات و حەب و دەرمانە، من كە تا ئێستا نەمتوانیوە هیچی بەكار بهێنم.

*** وەكو كچە وەرزشكارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونم ئەوەیە ببم بە پاڵەوانی جیهانی و بیسەلمێنم كە ئافرەتیش توانای هەیە، ئەگەر پشتگیریم بكرێت، بە هیوام ببمە پۆلیسی غەواس، واتا دەركردنی تەرم لە ئاودا، تا ببمە یەكەم كچە غەواس لە كوردستان و عێراق.

***وەكو راهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێكی كچان لە شارەكەتان دروست بكەی؟**

-تیپی مەلەوانی كچانم هەیە بە ناوی تیپی درەوشەی كچانی چەمچەماڵ، بەڵام بۆ هێزی لەش تا ئێستا نیمە.

***كێ هاوكاریت دەكات بۆ ئەم وەرزشە؟**

- لە راستیدا خانەوادەكەم زۆرترین دژایەتییان كردووم، بەڵام توانیم بەسەر ئەو كۆسپانە زاڵ ببم، تاكە كەسێك كە پشتگیری كردووم هاوسەرەكەمە.


*** لە كۆتاییدا چ شتێكت ماوە بۆ وتن؟**

-زۆر سوپاس بۆ راهێنەری بەتوانا مامۆستا هەورامان فەریق و زانا فەریق كە ئەوان منیان گەیاندە ئەم رۆژە، سوپاس بۆ مامۆستا فەتحی سەرۆكی هێزی لەشی كوردستان، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتەی بە وەرزشكارانی دەكات.



# پاڵەوانێکی کورد پارەی سەرکەوتنەکانی دەداتە منداڵانی بێ سەرپەرشت

عەلی قەرەداغی یاریزانی هونەرە بەرگرییەکان و پاڵەوانی جیهانی، ماوەی رابردوو لە وڵاتی میانمار لە دوو یاریی (لیس وەی) کە ئەم یارییە جیاوازە لە هەموو یارییەکان و واژووی مەرگی تێدا دەکرێت، توانی بە ئاڵای کوردستانەوە سەرکەوتنی گرنگ بنووسێتەوە و سەرجەم ئەو پارەیەشی وەریگرتووە بەخشیی بە زیاتر لە ٥٠٠منداڵی بێ سەرپەرشت، لەم بارەشەوە عەلی قەرەداغی یاریزانی هونەرە بەرگرییەکان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من لە دوو یاریی لیس وەی بەشدار بووم، کە واژووی مەرگی تێدا دەکرێت، هەردوو یارییەکەم لە بۆرما ئەنجامم دا و رێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیای بۆرمایی و چەند کۆمپانیایەکی بیانییش هەبوو، لە یەکەم یاری و دووەم یاری ئاستی باشم پێشکەش کردو برە پارەیەکی باشم وەرگرت، لەم وڵاتە سەردانی چەند خانەیەکی منداڵانی بێ سەرپەرشتم کرد، کە هیچ سەرچاوەیەکی خۆراکیی وەك (شەکر و رون و برنج)یان نەبوو و لە برسان دەمردن، ئەو خانانە خەڵکی ئاسایی لە ئەستۆیان دەگرن، منیش هەڵسام بە دابینکردنی هەشت مانگ خواردنی ئەو منداڵانە، کە زیاتر لە ٥٢٩ منداڵ بوون، وەکو هەستێکی مرۆیی و مرۆڤدۆستانە ئەو کارەم کرد»، گوتیشی: «من ئەو کارەم وەکو ناوی خۆم نەکردووە، بەڵکو وەکو کوردێك ئەم کارەم ئەنجامداوە، چینی هەژار لە هەموو شوێنێك هەیە، بۆ هەر چوار پارچەی کوردستانیش بەرنامە و پلانی خۆم هەیە و قسەم لەگەڵ چەند بەرپرسێك کردووە کە پشتگیریم دەکەن و کار لەسەر ئەوە دەکەم و خزمەتی تەواوی پرۆژەکان دەکەم، ئەو پارەیەشی کە وەرم گرتووە هەموویم سەرفکردووە بۆ ئەو هەژارانە و نامەوێ ئەو برە پارەیە ئاشکرا بکەم، دەمەوێ خزمەتی هەموو لایەك بکەم، لە داهاتوو لە چەند شارێکی کوردستانیش دەست بە پرۆژەکانم دەکەم و وەکو پاڵەوان و کوردێك بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە بەشداری ئەو دوو چالاکییەم کردووە، کە ئەوەش بۆ من شانازییەکی گەورەیە و خزمەتکردنە بە وڵاتەکەم.»



## لەبەر نەبوونی پاڵەوانێتی لە کوردستان، پاڵەوانێک دەچێتە یانەی شورتە

یاریی تایکواندۆ یەکێکە لەو یارییانەی کە لە کوردستان پاڵەوانێتیی کەمی بۆ دەکرێتەوە، بۆیە بەشێك لە یاریزانانی یانەکانی کوردستان روو لە یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ ئەو یانانە بە گرێبەستی شایستە یارییان بۆ بکەن، محەمەد عەلی یەکێك لە یاریزانە بە تواناکانی شاری کەرکوك و کوردستانە و بۆ ئەم وەرزەش گرێبەستی بە فەرمی لەگەڵ یانەی شورتەی شاری بەغدا واژوو کرد، لە بارەی هۆکاری چوونی بۆ شاری بەغدا محەمەد عەلی یاریزانی تایکواندۆی شاری کەرکوك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ماوەیەکی زۆرە لە یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق یاری دەکەم، لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە تائێستاش هەر لەم یانانەیە یاری دەکەم، ئەگەرچی سەرەتا چوومە یانەی مینا، بەڵام ماوەی چوار ساڵە وەك یاریزانێك لە ریزی یانەی شورتەم، ئەمساڵیش گرێبەستم لەگەڵیان نوێ کردەوە، هۆکاری مۆرکردنی گرێبەستیش بۆ یانەکانی دەرەوە ئەوەیە کە یانەکانی کوردستان پارە سەرف ناکەن بۆ ئەم یارییە و هیچ خول و پاڵەوانێتییەکان نییە، یانەکانی خواروو و ناوەڕاست پارەی زۆر باش دەدەن، گرێبەستەکەشمان بۆ ئەوەیە کە لە خول و پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە و ناوەوە یارییان بۆ بکەم»، گوتیشی: «ساڵانە دەچینە پاڵەوانێتیی یانەکانی ئاسیا و فەجری نێودەوڵەتی، چەندین ئەنجامی باشم بەدەستهێناوە و ئێستاش ئامادەکاری دەکەین بۆ هەردوو پاڵەوانێتیی یانەکانی ئاسیا و فەجری نێودەوڵەتی، چاوم لەوەیە ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم، لەبەر ئەوەی نە یانەکانی کەرکوك و نە یانەکانی کوردستانیش هیچ برە پارەیەك نادەن، منیش بۆ ماوەی چوار ساڵە لە هیچ پاڵەوانێتییەکی کوردستان بەشداریم نەکردووە، هەر یانەیەکیش پارە نەدات ئامادە نییەم یاریی بۆ بکەم، چونکە یاریزانیش پێویستی بە پارەیە بۆ پێداویستییەکانی خۆی»، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە زۆربەی یاریزانەکانی یانەی شورتە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقن و گوتیشی: «لە پاڵەوانێتییەکانی سەرکەوتن بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراق پلەی یەکەمم بەدەست هێناوە، تاکە یاریزانی کوردیشم کە توانیم سەرکەوم و بۆ یانەکانی بەغداش یاری بکەم.»



## هەرێم کەلاری راهێنەری یانەی چەمچەماڵ:

# هەموو هەوڵێکمان بۆ سەرخستنی یانەکەمانە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی چەمچەماڵ ئەم وەرزە بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان سەرکەوتووە، لە چەند یاریی رابردووی یانەکەشدا یاریزانان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردووە و سەرکەوتنیان پێشکەشی هاندەرانی یانەکەیان کردووە، سەرەڕای قەیرانی دارایی، یانەکە هەوڵی خۆی دەدات بۆ سەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە هەرێم کەلاری راهێنەری یانەی چەمچەماڵ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە بارودۆخی تیپەکەمان باشە، هەرچەندە یارییەکان ماوەیەکە وەستاون، بەڵام یاریزانان رۆژانە مەشقەکانی خۆیان دەکەن و ورەیان بەرزە و بەردەوامین لە ئەنجامدانی یاریی دۆستانە، هەموو لەم وەرزە هەوڵێکمان سەرخستنی یانەی چەمچەماڵە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپەکەشمان لەوپەڕی ئامادەباشیدایە بۆ یارییەکانی داهاتوو»، گوتیشی: «سوپاسی سەرۆکی یانەکەمان دەکەین، ئەوەی ئەو کردوویەتی بە هیچ سەرۆك یانەیەك ناکرێت، قایمقامی چەمچەماڵ وەرزی رابردوو کە سەرکەوتین پێنج ملیۆن دیناری پێ داین و ئەمساڵیش پێنج ملیۆنی دیکە، ئێمە بۆ ئەوە کار دەکەین بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین تیپەکە سەربخەینەوە بۆ خولی نایابی کوردستان»، لە بارەی مووچە و گرێبەستی یاریزانانیش گوتی: «یاریزانانی ئێمە هیچ گرێبەستێکیان نییە، تەنیا مووچەی مانگانە هەیە، لە ماوەی ئامادەکاری و ئەنجامدانی یارییەکانیش لە خولەکە ئەوا هەموو مانگێك وەك یاریزانان و دەستەی راهێنەران پارەی تەواومان وەرگرتووە، یانەکەشمان قەرزاری هیچ یاریزانێك نییە، تەنانەت هی وەرزی رابردووش»، چەمچەماڵ لە سێ یاریی رابردووی خولی پلە یەکەکان سێ سەرکەوتنی لە سەر یەکی تۆمارکردووە و هەموو چاوەکان ئەم وەرزە لە سەر یانەی چەمچەماڵن، بۆ ئەوەی بتوانێ پلێتێکی خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەستەبەر بکات، یانەکەش لە دەڤەرەکە خاوەن جەماوەرێکی زۆری وەرزشییە و هەموو یارییەك هاندانێکی بێ وێنەی یانەکەیان دەکەن، یاریزانان و راهێنەری یانەکەش بەڵێنی ئەوەیان داوە، کە هەرچی لە توانایان بێت درێغی نەکەن بۆ سەرخستنی یانەکە.»



